# رۆڵی ریکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر گۆڕینی رەفتاری کڕیاران "ریکلامی ناوداران لە سناپچات بە نموونە"

**رۆژان سیفور اسکندر، بەناز احمد محمد**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێویشیاندا پلاتفۆرمی سناپچات بۆتە رۆتینێکی ژیانی رۆژانەی بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگە و بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێن. ئەگەر لە لایەن هاووڵاتیانەوە بۆ ناردنی نامە و وێنە بەکاربێت ئەوا کەسانی ناوداریش بۆ مەبەستی ریکلامکردن بۆ براندە جیاوازەکان بەکاریدەهێنن. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و تیایدا فۆرمی راپێوی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بە ئامانجی زانینی ئەو پاڵنەرانەی کە وا لە بەشداربوانی توێژینەوەکە دەکات سەیری ریکلامی ناوداران لە سناپچات بکەن. هەروەها لە رۆڵی ئەو ریکلامانەی کۆڵیوەتەوە کە لەلایەن کەسانی ناودارەوە دەکرێن و لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی سناپچاتەوە بڵاودەکرێنەوە لە هەڵبژاردن و کڕینی کاڵایەک لەلایەن هاووڵاتیانەوە. لە ئەنجامدا گەشتووە بەوەی کە هەرچەندە بەکارهێنانی سناپچات بە تایبەتی لە ئاستێکی بەرزدایە لەلایەن بەرتوێژانەوە (خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیا) بەڵام جۆری ریکلام و بەکارهێنانی کەسانی ناودار لە ریکلامەکاندا ئەوەندەی نرخ و جۆری براندەکە رۆڵی نیە لە هەڵبژاردنی کاڵاکان لە لایەن کڕیارانەوە.

**کلیلە وشەکان:** رۆڵ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ریکلامی ئەلیکترۆنی، سناپچات، پشتگیریکردنی کەسانی ناودار، رەفتاری کڕین.

## پێشەکی:

پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێ لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو، گۆرانکاری جۆریی و شۆرشێکی ڕاستەقینەبوو لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، گرنگترینیان دەرکەوتنی تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتیی ئینتەرنێت کە سنوری کات و شوێنی هەڵوەشاندەوە و دوری نێوان مرۆڤەکانی نزیک کردەوە و ئینتەرنێت بوو بە پەنجەرەیەکی کراوە بە رووی جیهاندا. بە جۆرێک کە نەتوانرێت لە ئیشوکاری رۆژانەدا و لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتری یان گەڕان بەدوای زانیاریدا دەستبەرداری بین، هەربۆیە لەنێوان گرنگیدەران بە ئینتەرنێت بیرۆکەی دامەزراندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا بۆئەوەی بتوانین بە ئاسانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕبکەین. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەش بۆ چەندین مەبەستی جیا بەکاردێن. یەکێک لەو بوارانەش کە تێیدا سودی لێوەردەگیرێت بواری ریکلامە. وەک چۆن ریکلام بە کارێکی هونەری و داهێنەرانە دەبینرێت، بەشێکی گرنگی ستراتیژی بازارکردنیشە کە چەندین جۆر لە ئامراز و تەکنیک لەخۆ دەگرێت و رۆڵێکی زۆری هەیە لە بەستنەوەی کڕیاران بە براندێکی تایبەتەوە، بەشێوەیەک وایان لێ بکات کڕیار و بەکارهێنەری ئەو براندەبن. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمپانیاکان چەندین تەکنیکی جیاواز بەکاردەهێنن لەوانە تەکنیکە نوێیەکانی وێنەگرتن و سیناریۆی بەهێز و سەرنجڕاکێش، هەروەها سودوەرگرتن لە سەرچاوەی مرۆیی کە گرنگترینیان بەکارهێنانی کەسانی ناودارە لە ریکلامی بەرهەمەکانیاندا. لەو نێوەندەشدا یەکێک لە دیارترین پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە سناپچات کە ژمارەیەکی زۆر بەکاربەری هەیە و لە رێگەیەوە بەکاربەر وێنە و ڤیدیۆی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی هاوبەشی پێدەکات و هەر لەوێشەوە دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆی هاوڕێیان و کەسانی دیار و ناودار ببینێت و سودیان لێوەربگرێت. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە پلاتفۆرمێکی گونجاوە بۆ ریکلام بە تایبەت لە لایەن کەسانی ناودارەوە. چونکە رۆڵی کەسانی ناودار لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە کولتووری هاوچەرخی ماس میدیا و ئینتەرنێتدا، کەسانی ناودار و پەیامە زارەکی و بینراوەکانیان دەگەنە ملیۆنان خەڵک لە سەرتاسەری جیهاندا. بەهۆی ئەم بەرکەوتنە بەربڵاوەوە، ئەم توێژینەوەیە دەکۆڵێتەوە لە کاریگەری ئەم کەسە ناودارانە کە لە بواری ریکلامدا بوونەتە میدیایەکی زۆر کارا لە گەیاندنی پەیامی بازرگانان بۆ خەڵک و جەماوەر، هەروەها ئەو لایەنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ مەبەستی ریکلام و راکێشانی سەرنجی بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵایەک بەکاردەهێنرێت.

## بەشی یەکەم
## میتۆدنامە

### جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە لە مۆدێلی توێژینەوە چەندایەتییەکانە و دەکۆڵێتەوە لە کاریگەری ئەو ریکلامانەی کە کەسانی ناوداری تێدا بەکارهاتووە و ئەو کەسە ناودارانە لە سناپچاتی خۆیان ریکلامیان بڵاوکردۆتەوە. داتاکان بەهۆ و بەیارمەتیی فۆرمی راپێوییەوە کۆدەکرێنەوە بۆ زانینی تێروانینی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و وەڵامدەرەوەی پرسیارەکان بەرامبەر رۆڵی کەسانی ناودار لە سەرنجڕاکێشانیان بۆ کڕینی پێداویستییەک لە رێگەی ریکلامی ئەلیکترۆنییەوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 2(2024) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n2y2024.pp15-25

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 3 كانون الاول 2023؛ قُبل في 10 كانون الثاني 2024؛ نُشرت في 16 نيسان 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : rozhan.saifur@spu.edu.iq, banaz.raza@spu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2024 رۆژان سیفور اسکندر، بەناز احمد محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە

کۆمەڵگە نمایشی چین یان توێژێکی کۆمەڵ دەکات، کە توێژەر سامپڵی لێوەردەگرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کاری بۆکردووە و دەستکەوتنی ئەنجامێکی زانستی (تاڵەبانی, ٢٠٢٣, لاپەڕە ١٢٧). بۆ ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) وەک سامپڵی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراون. لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی راپێوی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان و نموونەگرتنی مەبەستداریان وەک تەکنیکی وەرگرتنی سامپڵەکان بەکارهێناوە.

## راستی و جێگیریی توێژینەوە:

راستیی رواڵەتی: توێژەران بۆ ئامڕازی توێژینەوەکە کاریان لەسەر راستیی رواڵەتی کردووە، بەشێوەیەک دوای فۆڕمی سەرەتایی راپرسی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک و بڕگەکان، فۆڕمەکەیان ئاڕاستەی چەند پسپۆڕێک کرد، پاش گەڕانەوەی فۆڕمەکان و کارکردن بە تێبینییەکانی پسپۆڕان، زۆربەی تێبینی و سەرنجەکان بەهەند وەرگیرا و گۆڕانکاری لە فۆڕمەکاندا کرا. بەم شێوەیە فۆڕمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت. ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی راستیی رواڵەت بە پێی هاوکێشەی (هۆڵستی) بریتییە لە : بڕگە راستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠، واتە ٨٥/٧٧×١٠٠= ٩٠,٥٪ کە ئەم رێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی دروستیی ئامڕازی توێژینەوەکە.

جێگیری توێژینەوە: بۆ دڵنیابوون لە جێگیری، توێژەران چەند فۆڕمێکیان بەسەر ٢٠٪ی خوێندکار لە سامپڵی توێژینەوەکە دابەشکرد، پاش ماوەیەک هەمان رێژەیان بەسەر هەمان ئەو کەسانەدا دابەشکردەوە، بۆیان دەرکەوت کە ئەنجامەکان لەیەکەوە نزیک بوون، بەوەش دڵنیا بوونەوە لە جێگیری وەڵامەکان.

## سنوری توێژینەوەکە

- ✓ بواری شوێن: هەرێمی کوردستان- پارێزگای سلێمانی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
- ✓ بواری بابەت: لەم توێژینەوەیەدا ریکلامی ناودارانی تۆڕی کۆمەڵایەتی "سناپچات" وەرگیراوە، بەمەبەستی زانینی ڕێژەی رۆڵ و کاریگەریان لەسەر ئاڕاستەکردنی کڕیاران بەشێوەیەکی گشتی و پاشان بەشێوەیەکی وردتر زانینی رادەی کاریگەریان لەسەر بڕیاری کڕین لەلایەن خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیا.
- ✓ بواری کات: ٢٠٢٣/١/٢٠ تا ١٥/٦/ ٢٠٢٣.

## توێژینەوەکانی پێشوو

لە نێو توێژینەوە کوردییەکاندا دەتوانین ئاماژە بە چەندین توێژینەوە بدەین کە کاریان لەسەر کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر رەفتاری بەکاربەر کردووە (بڕوانە: توێژینەوەی توێژەران (نەزاکەت حسێن و ئەحمەد قادر، ٢٠١٩) بە ناونیشانی (رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە) و توێژینەوەی توێژەر (ظاهر حمدامین صابر، ٢٠١٤) بەناونیشانی (رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە هاندانی رەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا) و ...هیتر ).

توێژینەوەی تایبەت بە سناپچاتیش توێژەر (د، موراد حەکیم، ٢٠٢٢) لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (سناپچات و تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان)، رووپێوییەکی کۆمەڵایەتی لە نێو گەنجانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامداوە بە ئامانجی تیشکخستنە سەر تایبەتمەندییەکانی سناپچات کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی سناپچات زۆرترین بەکارهێنەری هەبێت لە نێو توێژی گەنجدا بە کچ و کوڕەوە جیاواز لە پلاتفۆڕمەکانیتری سۆشیال میدیا. توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە گەنجانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ئەپەکانیتر سناپچات زیاتر بەکاردەهێنن، هەروەها هۆکاری سەرنجڕاکێشیی ئەم پلاتفۆڕمەی لە لایەن گەنجانەوە خستۆتەڕوو.

چەندین توێژینەوەی بیانی لەسەر پشتیوانی و پشتگیری کردنی کەسانی ناودار بۆ بەرهەمە بازرگانییەکان و کاریگەرییان لەسەر کڕیاران ئەنجام دراون. لەخوارەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان دەدرێت کە نزیکن لە بابەتی ئەم توێژینەوەیەوە.

١/ توێژەران (Ying Li & Qian Cai) لە ماستەرنامەکەیاندا بە ناونیشانی (How Chinese Internet Celebrity influences consumer attitude to purchase on E-commerce) کە لە ساڵی ٢٠١٩ پێشکەشیان کردووە، ئامانجی لێکۆڵینەوەکەیان ئەوەبوو کە چۆن کەسایەتییە چینیە ناودارەکانی نێو ئینتەرنێت کاریگەری لەسەر هەڵوێستی بەکارهێنەران دادەنێن لەکاتی کڕینی بەرهەمێک لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە. لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەوە کە سەرنجڕاکێشی سەرچاوە نەریتییەکان و شارەزایی و بەشداریکردنی کەسانی ناودار لە ریکلامەکاندا کاریگەری لەسەر هەڵوێستی بەکاربەر و رەفتاری کڕیاران هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا متمانەی سەرچاوەکە پێویست نیە و وای بۆ دەچن کە ئەو متمانەیە لە زەمینە تایبەتەکانی وەک مۆدێلدا سنورداره و لەبارەی ماکیاژیشەوە ئەوە راستە. جگە لەوەش رەسەنایەتی و متمانەی کاڵا ئینتیما بەهێز دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆی خواستی کڕینی بەردەوام.

٢/ توێژەران (Aamir Abbas & Others)(٢٠١٨) لە توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیاندا بە ناونیشانی ( The Effect of Celebrity Endorsement on Custmer Purchase Intention: A Comparative Study) ئامانجیان لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری کەسانی ناودار لەسەر نیازی کڕینی کڕیاران لە نێر و مێ. بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمی راپرسیان بەکارهێنا و ناردیان بۆ ٨٠٠ ژن و پیاو بە رێژەی یەکسان. لە ئەنجامیشدا بەوە گەشتوون کە حەزلێکردن، سەرنجڕاکێشی، ئەزموون و کەسایەتی لە کاریگەرترین جیاکەرەوەکانی پشتیوانی کردنی ناودارانی مەبەستی توێژینەوەکەن،کە ئەمەش وایکردووە کاریگەری زیاتر لەسەر کڕیاری پیاو دابنێن. بەڵام کڕیارە ژنەکان لە کاتی کڕیندا حەز، سەرنجڕاکێشی و متمانەی ئەو کەسە ناودارانە دەبینن.

٣/ توێژەران ( Mwendwa Mildred Zipporah& Dr. Hellan K.Mberia )(٢٠١٤) لە توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیاندا بە ناونیشانی ( The Effects Of Celebrity Endorsement in Advertising) پێیان وایە کە کەسایەتییە ناودارەکان سەرنجڕاکێشن و جێی متمانەی خەڵکن بۆیە کۆمپانیاکانی ریکلام بەکاریان دەهێنن.بۆیە لەو هۆکارانە دەکۆڵنەوە کە کاریگەری پشتگیری کەسانی بەناوبانگ لەسەر بینەران و هەروەها لە کاریگەری ئەوان لەریکلامدا دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە تیشک دەخاتەسەر شێوازی وەرگرتن و پەیوەندیکردن و ناسینەوەی بەرهەمەکان لە لایەن بینەرانەوەو ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەی دروستی دەکات. ئامانجی توێژینەوەکەیان ئەوەیە کە بەهۆیەوە یارمەتی کۆمپانیاکان، بازرگانەکان و میدیاکان بدەن بۆ تێگەیشتن لە گرنگی ریکلام و هەروەها باشترین رێگە و ئامرازەکان لە گەشەپێدانی پەیامی ریکلامەکان دیاریبکەن بۆئەوەی بەباشی بگاتە بەردەنگی بەئامانجکراو. ئەم توێژینەوەیە یارمەتی بازاڕگەرەکاندەدات لە هەڵبژاردنی دروستی سلێبریتییەکان و بەکارهێنانیان لە

پشتگیری ریکلامەکان بەشێوەیەک کە کاریگەر بێت. میتۆدۆلۆژیای کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشتر و لێکۆڵینەوە لە بەدەست هاتووەکانیان. ئەوەش بەپێداچوونەوە بۆ بابەتی ڕۆژنامەکان، توێژینەوەکان، دەقەکان، میدیای چاپکراو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای ئەلیکترۆنی.

٤/ توێژەر (Jyotsana Thakur) (٢٠٢٠)لە توێژینەوەکەیی بڵاوکراوەیاندا بە ناونیشانی ( Role of Celebrity Endorsement in advertising for promotion and Awareness) ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیە لەو کەسایەتییە ناودارانەی کە دەبنە ئامرازێکی سەرنجڕاکێش بۆ کۆمپانیاکان بۆ بەرزکردنەوەی براند و بیرۆکەکەیان. ئەم توێژینەوەیە داتا لاوەکییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی پشتگیری کردنی کەسانی ناودار. هەروەها توێژینەوەکە بە گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی ڕابردوو لایەنە باش و خراپەکانی پشتگیریکردنی کەسانی ناودار ڕووندەکاتەوە.

### کێشە و پرسیاری توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە بەشێوەیەک دادەڕێژرێت کە تێڕوانینێکی ڕوون دەدات بە باروودۆخێکی تەمومژاوی یان پرسیارێک کە لە مێشک و هزری توێژەردایە، لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر یان وەڵامێکی گونجاو بۆ کێشەکە (المشهداني، ٢٠١٧، صفحة 40). بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە (ئایا ئەو ڕیکلامانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات بڵاودەکرێنەوە تا چەند ڕۆڵی لە کڕینی بەرهەمەکاندا دەبێت؟).

بۆ وەرگرتنی وەڵامی گونجاو ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەی کێشەی توێژینەوەکە چەند پرسیارێک دەخرێتەڕوو:

1 مەبەستی بەکارهێنانی سناپچات لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکە چیە؟
2 ئایا ئەو پاڵنەرانە چین کە وا لە بەرتوێژانی توێژینەوەکە دەکات سەیری ریکلامی ناوداران لە سناپچات بکەن؟
3 بەرتوێژانی توێژینەوەکە تاچ ڕادەیەک بە ریکلامی ناوداران لە سناپچات کاریگەرن؟

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی ڕادەی ڕۆڵی ریکلامە بڵاوکراوەکانی ناودارانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیا و هاندانیان بۆ بەکاربردنی کاڵاو شمەکەکان و کڕینیانە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکیەوە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بەدیدەهێنرێت:

1 زانینی مەبەستی بەکارهێنانی سناپچات لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکە.
2 زانینی ئەو پاڵنەرانەی کە وا لە بەرتوێژانی توێژینەوەکە دەکات سەیری ریکلامی ناوداران لە سناپچات بکەن.
3 خستنەڕووی ڕێژەی کاریگەربوونی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە ریکلامی ناوداران لە سناپچات.

### بایەخی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی ئەو دیاردانەی دەوریان داوین و کاردەکات بۆ شیکردنەوەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە جیاوازەکان کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکان دەدات بۆ جێبەجێکردن و سودوەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانەمان (القماري, 2019, لاپەڕە 62).

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لە گرنگی بابەتەکەوە سەرییهەڵداوە، کە بابەتێکە پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام، بۆ زانینی ڕادەی ڕۆڵی ریکلامی ناوداران لە سناپچات لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکانیان لەلایەن بەکاربەرەوە، ئەم توێژینەوەیە بۆ خاوەنبەرهەم گرنگە بۆ زانینی شێوازی ریکلام و هۆکاری فرۆشتنی زیاتری بەرهەمەکان. لە لایەکیترەوە خوێندکارانی زانکۆ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ریکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و چۆنێتی ئاراستەکردنیان دەتوانن سودی لێوەربگرن.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### پێناسەی چەمکەکان

**ڕۆڵ:**

فەرهەنگی (وێبستەر) زاراوەی ڕۆڵ لە ڕووی زمانەوانییەوە بەو بەشە پێناسە دەکات کە مرۆڤ لە دۆخێکی دیاریکراودا ئەنجامی دەدات. هەروەها پێناسەی دەکات بەو پێگەیەی کە تاکەکەس داگیری دەکات و ئەرک و مافەکانی بۆ دیاری دەکات.

ڕەفتاری کڕین: کۆی ئەو هەڵوێست و ئارەزوو و بیروباوەڕ و بڕیارانە دەگرێتەوە کە هانی بەکاربەر دەدات و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دادەنێت لە کاتی کڕینی بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک لە بازاڕدا (Mayank Jha & others, , 2020, p. 14).

یاخود مۆدێلێکە لە ڕەفتارەکان لەسەر بنەمای هەندێک ماف و ئەرک و بەستراوەتەوە بە پێگەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی یان باروودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەم ڕۆڵە بە کۆمەڵێک چاوەڕوانی لەلایەن ئەوانیترەوە دیاری دەکرێت (عبدالحميد, ٢٠٢١, لاپەڕە ٧٧٣).

### تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان :

پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (Social Networking) "بریتیە لە سیستەمێک لە تۆڕی ئەلیکترۆنی کە ڕێگە بە بەشداربوو دەدات پێگەیەکی تایبەت بە خۆی دروستبکات و لە ڕێگەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنی بە ئەندامانیترەوە بیبەستێتەوە کە هەمان خولیاو گرنگیان هەیە (الراوي, ٢٠١٢, لاپەڕە ٩٦)، (Prell, 2012,لاپەڕە ٨). بەمەش پەیوەندی ئەلیکترۆنی لە نێوان تاک و کۆمەڵەکاندا دروست دەبێت، زانیاری و وێنەو گرتەی ڤیدیۆی و ڕاو بیروبۆچون لە نێوانیان ئاڵوگۆڕدەکەن.

ئەیچنەر دەڵێت زاراوەی سۆشیال میدیا یان تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٤ لە ژینگەیەکی میدیای ئۆنلاین بە ناوی ماتیس لە تۆکیۆ بەکارهاتووە. هەر لەم ڕۆژە سەرەتاییانەی ئینتەرنێتی بازرگانیدا بوو کە یەکەم پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدرا و خرایە بازاڕەوە. بە تێپەڕبوونی کات هەم ژمارەی پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی و هەم ژمارەی بەکارهێنەرانی چالاکی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی ئینتەرنێت (د.مراد حكيم محمد, ٢٠٢٢, لاپەڕە ٢). بە ساڵێک دوای ئەوە پێگەی

(comclassmates.com) ساڵی ١٩٩٥ بۆ بەستنەوەی پەیوەندی لەنێوان هاوپۆلانی خوێندن دروستکرا. وە پێگەی (SixDegrees.com) ساڵی ١٩٩٧ دروستکرا بە مەبەستی چڕکردنەوەو بەستنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵێک هاوڕێ (جرار، ٢٠١٢، صفحة ٣٨). پاش ئەوەش کۆمەڵێک پێگەیتر دوابەدوای یەک دامەزرا وەک پێگەی (Cyworld)، (Lunarstorm)، (Ryze)، (Frindster)، (Myspace)، (Facebook) و (Twitter) دامەزران (عصام، ٢٠١٥، صفحة ٢٤٦). ئەمانە و چەندین پێگەیتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک (سناپچات، ٢٠١١) دامەزران کە هەرچەندە لەچاو پێگەکانیتر تەمەنی کەمترە بەڵام بەکاربەرێکی زۆری لە جیهاندا هەیە.

ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرن لەوانە ئاسانی بەکارهێنان، جیهانی بوون، کارایی، فرەیی و هەمەچەشنەیی،کەمی تێچوون، بەشداریکردن، کرانەوە، سەکۆیەک بۆ گفتوگۆ و بەستنەوەی تۆڕەکان و لەو ڕێگەیەشەوە تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە جۆرێک ڕێگە بە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان دەدات بە دروست بوونی هەڵوێستی تایبەت بە خێرایی و پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی کاریگەر (المقداد, ٢٠١١, لاپەڕە ٢٦،٢٧).

### ڕیکلامی ئەلیکترۆنی:

ڕیکلام مێژویەکی کۆنی هەیە، لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتی ڕیکلام سەریهەڵداوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا ڕیکلامیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، یەکەم ڕیکلام بەرامبەر بڕێک پارە لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە، لە پێگەی تایبەتی گۆڤاری (Hotwired)ی ئەمریکی لە ١٩٩٤/١٠/٢٧ بوو، (Hotwired)یەکەم کۆمپانیا بوو داهاتی لەڕێگەی ڕیکلام لە تۆڕەکە دەستکەوێت.

بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیاوە گرنگترین جۆرەکانی ڕیکلام کە بایەخی پێدەدرێت ڕیکلامی ئەلیکترۆنیە، سەرەتای سەرهەڵدانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنیش لە ڕێگەی تۆڕەکانەوە بۆ ساڵی ١٩٩٤ دەگەڕێتەوە (طه, ٢٠٠٧, لاپەڕە ٢٩٠).

ڕیکلامی ئەلیکترۆنی شێوازێکی نوێیە کە تیایدا ڕێگەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنرێت، چەند تایبەتمەندیەکی هەمەجۆر پێشکەش دەکات (حلاق، ٢٠٢٠، صفحة ٢٢٥) و بەپێی ئەو کەناڵەی بڵاوی دەکاتەوە چەند جۆری جیاوازی وەک ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی بزوێنەری گەڕان (SEM)، ڕیکلام لە ڕێگەی پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ڕیکلام لە ڕێگەی مۆبایل، ڕیکلام لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت (Hassan, ٢٠٢٢).

ئەم جۆرە لە ڕیکلامکردنیش کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنی هەیە (عابد, ٢٠١٦, لاپەڕە ٩٣،٩٤) وەک

1) تێچووی کەمە بەراورد بە ئامرازەکانی تر.
2) گەیشتن بە جۆرێکی دیاریکراو لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، وەکو ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆی ڕیکلام بۆ پزیشکان، ژنان، گەنجان.
3) ڕیکلامی تۆڕەکانی ئینتەرنێت چالاکیەکی کارایی دوو لایەنەیە.
4) ئەو کارلێکە ئەرێنیەی لەنێوان بەکارهێنەران لە پەیوەندی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دروست دەبێت، وا دەکات دەرفەتی وەرگرتنی نامە ڕیکلامیەکان زیاتر بێت.
5) زانیاری زیاتر بەبەکارهێنەر دەدرێت لەسەر بەرهەمەکان لەڕووی نرخ، تایبەتمەندی، شوێنی دەستکەوتنی، شێوازی بەکارهێنانی.....
6) بەردەوام هەبوونی ڕیکلام لەبەردەم چاوی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، وێنایەکی بەهێز لای بەکارهێنەر دروست دەکات.
7) دەتوانرێت پێوانەی کاردانەوە بەرامبەر ڕیکلامەکە بزانرێت لەڕێگەی ژمارەی بینەرانی.
8) بەهۆی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووەوە، دەتوانرێت بەشێوازی نوێ و تایبەتمەند و تازەگەری و نەخشەسازی پێشکەوتوو ڕیکلام دابنرێت.
9) کرداری کڕین و فرۆشتن لەڕێگەی ڕیکلامەوە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت ئەنجام بدرێت.

سەرەڕای بونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و لایەنی ئەرێنی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک لایەنی نەرێنیشی هەیە، لەوانە:

1) سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام لە زیادبوندایە، بەڵام گرانە پێوانەی کاریگەری ڕیکلام لەسەر بەکارهێنەرانی بکرێت.
2) زۆری ڕیکلام بەهۆی کێبڕکێیی زۆرەوە لەنێوان بەرهەمهێنەران کە وا دەکات ئاستەنگ بۆ بینینی هەندێکیان دروست بکات، هەروەها ترسی هەندێک بەکاربەری ئینتەرنێت لەوەی هەندێک نامەی ڕیکلامی ڤایرۆس بێت.
3) هەراسانکردنی جەماوەر بەهۆی زۆری نامە ڕیکلامیە نەویستراوەکانی، کە لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنیەوە پێیان دەگات (غيث, ٢٠١١, لاپەڕە ١٨٦).
4) مەترسی هەندێک ڕیکلامی تۆڕەکان لەسەر تەندروستی گشتی، کە ڕەنگە زانیاری هەڵەو چەواشەکار لەسەر بەرهەمەکە بگرێتەخۆ (الشعراوي، ٢٠٠٦، صفحة ١٤٧).
5) لاوازی کوالیتی بەرهەمهێنانی ڕیکلامی ئینتەرنێت بەراورد بە تەلەفزیون لە ڕووی بەکارهێنانی کارلێکە بینراوەکان (منى سعيد الحديدي و سلوى إمام علي, ٢٠٠٥, لاپەڕە ١٨١).

### سناپچات

سناپچات پلاتفۆڕمێکە لە پلاتفۆڕمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەرانی، سناپەکانیان لە شێوەی ڤیدیۆ و وێنەدا لەگەڵ هاوڕێکانیان هاوبەشی پێدەکەن. هەروەها لە ڕێگەی سناپچاتەوە ئاڵوگۆڕی پەیام لەگەڵ هاوڕێیان دەکرێت. ئەم ئەپە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی ستانفۆردەوە (ئێڤان شپیگل، بۆبی مۆرفی و ڕێجی براون)ەوە لە ساڵی ٢٠١١ پەرەی پێدرا(Iqbal, 2023) . لە سەرەتادا ئەوەی سناپچاتی لە پلاتفۆڕمەکانیتری وەک فەیسبووک و تویتەر جیادەکردەوە ئەوە بوو کە سناپ و چاتەکانی تەمەنی مانەوەیان لە نێوان ١ بۆ ١٠ چرکەدایە، دوای ئەوە دیار نامێنن. تا ئێستا ستۆرییەکانی سناپچات پاش ٢٤ کاتژمێر دەسڕانەوە. بەڵام ئێستا بەرتوێژانی سناپچات دەتوانن تایمەری تایبەت لەسەر ستۆرییەکانیان دابنێن کە ماوەکەی لە یەک کاتژمێرەوە دەستپێدەکات تا یەک هەفتە. بۆ دروستکردنی ئەکاونتێک لە سناپچات پێویستە تەمەنی بەکاربەر لە ١٣ساڵ زیاتر بێت. هەروەها ئەم ئەپڵیکەیشنە لەسەر مۆبایلەکانی ئەندرۆید و تابلێتەکان و ئایفۆن، ئایپاد و ئایپۆد کاری پێدەکرێت.

بەکارهێنەرانی ئەم ئەپە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندان بەشێوەیەک کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە ٥٥٧ ملیۆن بەکارهێنەر، بەوەش سناپچات

بووە ١٢مین جەماوەرترین پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا (د. مراد حکیم محمد, ٢٠٢٢, لاپەڕە ٤). هەروەها لە عێراقدا تا ساڵی (٢٠٢٠)، (٣٠) ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەیە. لەوانە ٢١ ملیۆن بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. ١٧ ملیۆن بەکارهێنەری فەیسبووکن، ٩,٥ ملیۆن بەکارهێنەری ئینستاگرامن، ١٧ ملیۆن بەکارهێنەری سناپچاتن (القیاسی, ٢٠٢٠, لاپەڕە ٤٣). لەگەڵ ئەوەدا لە سایتی (Statista) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەکارهێنەرانی سناپچات لە عێراقدا لە نیسانی ٢٠٢٢ گەشتبێتە ١٥ ملیۆن کەس، کە ئەوەش بەبەراورد بە سەرچاوەی پێشوو ژمارەیەکی کەمترە.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە سناپچات زیاتر وەک سەکۆیەکی نامەناردن بەکاردەهێنرێت بۆ ئاڵوگۆڕی ناوەڕۆکی خۆش و رۆژانە، وەک سێلفی کە مەرج نیە بەکارهێنەران بیانەوێت ئەرشیفی بکەن. هەندێکیتریش ئەپەکە بۆ شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیان بەکاردەهێنن وەک تیمە وەرزشییەکان (د. مراد حکیم محمد, ٢٠٢٢, لاپەڕە ٦). ئەم ئەپە لەبەر بەکارهێنانیەوە لە لایەن گەنجانەوە بۆتە پلاتفۆرمێکی سەرنجڕاکێش بۆ ریکلامکاران. بەپێی خەمڵاندنی پیشەسازی، پێشبینی کراوە داهاتی ریکلامەکانی سناپچات لە ٢٠٢١دا بگاتە ٢,٦ ملیار دۆلار لە ئەمریکا کە بە بەراورد لەگەڵ ٢٠١٩ (١,٥٣) ملیار دۆلار زیادی کردووە(KEPIOS, 2022) . شۆن مەکبراید پسپۆڕ و سلێبریتی بواری سناپچات کە کاری لەگەڵ زۆرێک لە براندە جیاوازەکانی وەک دیزنی و ریدبووڵدا کردووە، دەڵێت "لەگەڵ سناپچاتدا کەمتر هەست دەکەیت پەیوەندییەکی نێرەر و وەرگر هەیە بەڵکوو پەیوەندییەکە زیاتر هاوڕێیانەیە، وەک ناردنی نامە لە نێوان هاوڕێیاندا"(MCDERMOTT, 2016) .

تایبەتمەندییەکانی سناپچات بۆ بازرگانی و ریکلام:

1) پەیوەندی لەگەڵ دیمۆگرافیای گەنجتر

ئەگەر ریکلامێک بۆ کەسانی خوار تەمەنی ٣٥ ساڵی بێت، ئەوا سناپچات گونجاوترین پلاتفۆرمە بۆ ئەوکارە.
داتاکانی سناپچات ئاشکرای دەکەن کە ئەم پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییە ٧٥٪ بەکارهێنەرانی بریتین لەو کەسانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١دا گەشتوونەتە تەمەنی گەنجی پێگەیشتوو. کە ئەوەش لە هەردوو پلاتفۆرمی ئێکس و تیکتۆک زیاترە. هەروەها داتاکان دەریدەخەن کە سناپچات پلاتفۆرمێکی سەرنجڕاکێشە و بە تێکڕا گەنجان رۆژانە ٣٠ خولەک لە کاتی خۆیان لە بەکارهێنانی سناپچاتدا بەسەر دەبەن (Auther, 2022).

2) بەکاربەر هاندەدات کارلێک لەگەڵ براندەرەکانی و هەروەها بزنسی نوێ بکات.

بەکاربەر دەبەستێتەوە بە براندەکان و بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆکەوە، ئەویش لەڕێگەی ئایکۆنی (Discover) لە دەستی راستی شاشەی سەرەکی. بۆ نموونە لە بەشی (Discover)ی سناپچات دەتوانن ئەو ناوەڕۆکانە ببینن کە لە لایەن براندە جیاوازەکانەوە بەرهەم هاتوون بە مەبەستی بازارگەری لەڕێگەی سناپچاتەوە. وەک گۆڤاری (Cosmopolitan) و (MTV). لە ساڵی ٢٠٢١ هاوبەشەکانی بەشی (Discover)ی سناپچت گەیشتە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن لە سەرتاسەری جیهاندا (هەمان).

یەکێک لە بەکارهێنانەکانی سناپچات بۆ ریکلامکردنی براندەکان بریتیە لە بەکارهێنانی کەسانی سلێبریتی و بەناوبانگ، ئەویش لە رێگەی سپۆنسەرکردنی ئەو کەسە ناودارانەوە. بۆ دەسپێکیش هاوکاری کەسێکی ناودار دەکەن و گرێبەستی لەگەڵ دەکەن لەسەر یەک یان زنجیرەیەک گرتەی ڤیدیۆیی لە بابەتی سەرگەرمی و کێشمەکێش. براندەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هێڵی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت وەک ئەوەی هەردوو لایەن لەسەری رێککەوتوون. باوترین پەیوەندییەکانی سپۆنسەری بریتین لە وەرگرتنی کەسێکی ناودار بۆ بەشداری پێکردن و تۆماری ڤیدیۆیی لە بۆنەیەکی گەورەدا، یاخود دۆزینەوەی رێگەیەکی سروشتی بۆ پیشاندانی براندێک وەک بەشێک لە سەرگەرمییەکی پڕخۆشی. بەمەش کەسایەتییە بەناوبانگەکانی سناپچات دەیان هەزار پارە وەردەگرن بۆ دانانی یەک ستۆری لە سناپچات(MCDERMOTT, 2016) .

راپۆرتێکی ستاتیستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رێژەی بەکارهێنەری مێینە زیاترە لە نێرینە بەشێوەیەک ٥٤٪ی بەکارهێنەرانی ئافرەتن و ٤١,٩٪ی پیاون (Benitez, 2023). رێژەی ٩١٪ی گەنجان لە هەرێمی کوردستان سناپچات بەکاردەهێنن و جەماوەرترین پلاتفۆرمە لەچاو پلاتفۆرمەکانیتری سۆشیال میدیادا. لە کاتێکدا لەو رێژەیەش ٩٣,٧٪ی پێکهاتووە لە ژنان و ٨٨,٢٪ی بریتین لە بەکارهێنەرانی پیاو. هەروەها بەکارهێنەرانی سناپچات بە رێژەی ٥٤٪ هەموو کاتژمێرێک جارێک چێکی سناپەکانیان دەکەن (د. مراد حکیم محمد, ٢٠٢٢, لاپەڕە ١٣،١٤).

**کەسانی ناودار:**

مەبەست لە کەسانی ناودار ئەو کەسانەیە کە لە کۆمەڵگەدا و بەتایبەت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ناوبانگیان بۆ خۆیان پەیداکردووە ئیتر چ بە ئەرێنی یاخود نەرێنی و لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ریکلام بۆ کاڵا و بەرهەمە جیاوازەکان دەکەن.

لە توێژینەوەکاندا چەمکی سلێبریتی بۆ کەسانی ناودار بەکاردێت. لە پێناسەیدا دەوترێت: سلێبریتییەکان کەسایەتی گەلێکن کە بەهۆی متمانەیان یاخود سەرنجڕاکێشییان، یان لەبەر هەردوو هۆکارەکە لەنێو خەڵکدا ناسراون. بۆیە کۆمپانیاکانی ریکلام لە ریکلامەکانیاندا سودیان لێوەردەگرن ئەوەش بەمەبەستی کاریگەری و بەرزکردنەوەی متمانەی ریکلامەکان. بەڵام بەکارهێنانی ئەم چەمکە بە مانا نوێیەکەی لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد، بەڵام لێکۆڵینەوە لێی لەگەڵ سەرهەڵدانی کولتووری بەرهەمی زۆر و فراوان و بە تایبەتیش بە وردبوونەوە لە فیلمێکی پیشەسازیی هۆلیوود "سیستمی ئەستێرەکان" لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەستیپێکرد. لە سەرەتادا وەک فۆکەسێکی بەردەوام و بەدواداچوون لە لێکۆڵینەوە لە رێگەی رەخنەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە کولتووری جەماوەری، لە چەپ و راستەوە دەرکەوت. هەرچەندە بە دەگمەن ئەم بەرهەمانە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بوون و پڕیش بوون لە راوبۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەو کەسانەوە کە وێنەی کەسانی ناودارایان دروست دەکرد و وەریان دەگرت، ئەوان تەنیا گرنگیان بە بەرهەمی زۆر و بەڕێوەبردنی کەسانی ناودار و پرسیارکردن لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کولتووری سلێبریتی پیشەسازی دەدا. بە گەشەکردنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ و دوای ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پلاتفۆرمێکی پێشکەشکرد بۆشێوازە نوێیەکانی پەیوەندی تاکەکەسی، ناوداری لە رێگەی ئینتەرنێتەوە رۆژبەڕۆژ زیاتر بوو چونکە دەستڕاگەیشتن بە بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی لە لایەن کەسانی ئاساییەوە و بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ئاسان بووە.

**پشتگیریکردنی کەسانی ناودار:**

توێژینەوەکان لەسەر پەیوەندی نێوان کەسایەتییە ناودارەکان لە ریکلامێکدا و هەڵسوکەوتی کڕینی بەکاربەران مشتومڕی زۆری ئەکادیمی دروستکردووە. دەرکەوتووە کە کەسایەتییە ناودارەکانی ئینتەرنێت بەهای بازرگانی گەورە و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی

خۆیان هەیە و دەتوانن پارە لە هەوادارەکانیان بەدەستبهێنن و وایان لێبکەن براندێک بکڕن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکانی ئینتەرنێت بەشێکی زۆر لە سلێبریتییە ئینتەرنێتییەکان بە دروستکردنی ناوەڕۆکی بەهرەدار و وەرگرتنی بڕێکی زۆر پارە لە سپۆنسەری براندەکانەوە یاخود شێرکردن و هاوبەشپێکردنی داهاتی ریکلام لە ڕێگەی پلاتفۆرمێکی وەک یوتیوبەوە خەریکە دەبنە کەسانی کاریگەر (Cai, 2019, لاپەڕە 1).

بەکارهێنانی کەسانی ناودار لە ریکلامەکاندا کارێکی نوێ نیە. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کڕیاران کەسانی ناوداریان خۆشدەوێت و بایەخیان پێدەدەن بۆیە کاتێک ئەم کەسە ناودارانە لە ریکلامی کاڵایەکی نوێدا دەردەکەون کار لە کڕیار دەکەن کە ئەو کاڵایە بکڕن. لە هەرێمی کوردستان ریکلامی جۆراوجۆر هەیە کە کەسانی بەناوبانگ تێیدا بەشدارن. وەک چۆن ریکلام بە کارێکی هونەری و داهێنەرانە دەبینرێت، بەشێکی گرنگی ستراتیژی بازاڕکردنیشە کە چەندین جۆر لە ئامراز و تەکنیک لەخۆ دەگرێت و ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بەستنەوەی کڕیاران بە براندێکی تایبەتەوە بەشێوەیەک وای لێ دەکات کڕیار و بەکارهێنەری ئەو براندەبن. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمپانیاکان چەندین تەکنیکی جیاواز بەکاردەهێنن لەوانە تەکنیکە نوێیەکانی وێنەگرتن و سودوەرگرتن لە سەرچاوەی مرۆیی وەک کەسانی ناودار بۆ ریکلامی بەرهەمەکانیان. پشتگیری کردنی کەسانی ناودار یەکێکە لە دیارترین ستراتیژییەکانی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار و زیادکردنی فرۆشی بەرهەمەکان (Lu, 2013, p. 197). بەشێوەیەک کە پشتگیریکردنی ئەم کەسایەتییانە دەتوانێت وا لە هەوادارەکانیان بکات کە ببنە کڕیار و بەکاربەری بەرهەمێکی ریکلام بۆکراو لەلایەن ئەوانەوە (Yasmeen, 2019, p. 173). هەربۆیە مەکراکن دەڵێت پشتیوانیکردن و دەرکەوتنی کەسایەتییە ناودارەکان لە تایبەتمەندییە هەمیشەییەکانی مارکێتینی مۆدێرنە و بۆیەش زۆربەی کۆمپانیاکانی ریکلام سود لەم پشتیوانییەی ئەوان وەردەگرن. پشتیوانی و پشتگیرییەکانی کەسانی ناوداریش لە چوار جۆری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

- ڕاستەوخۆ (من پشتگیری ئەم بەرهەمە دەکەم)
- ناڕاستەوخۆ(من ئەم بەرهەمە بەکار دەهێنم)
- پێویستی (پێویستە ئێوە ئەم بەرهەمە بەکار بهێنن)
- دۆخی هاوبەشی پێشکەشکردن (تەنها لەگەڵ بەرهەمەکەدا دەردەکەون) (Hussain, 2017, p. 87)

## بەشی سێیەم
## چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە

پاش ئامادەکردنی ڕاپێونامەی تایبەت بە توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرانەوە و بڵاوکردنەوەی فۆرمەکان بەسەر بەرتوێژاندا و لە کۆتاییدا لە کۆی (١٨٠) خوێندکار لە هەر چوار قۆناغەکەی بەشی تەکنیکی میدیا ١٤٢ خوێندکار بەشداریان لە پڕکردنەوەی فۆرمی توێژینەوەکەدا کرد. لەخوارەوەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەفۆرمی ڕاپێویەکە لەچەند خشتەیەکدا بەپێی ڕیزبەندی و تایبەتمەندی بڕگەکانی ناو ڕاپێونامەکە دەخرێنەڕوو، دواتر توێژەران شیکاری هەریەک لەتەوەرەکان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### تەوەری یەکەم: زانیارییە دیۆگرافییەکان

١/ ڕەگەزی بەرتوێژان: لە خشتەی ژمارە یەکەوە دەردەکەوێت لە کۆی ١٤٢ خوێندکاری بەشداربوو ٥٣،٥٪ی لە ڕەگەزی نێرن کە بە پلەی یەکەم دێن و ٤٦،٥٪ی لە ڕەگەزی مێن.

**خشتەی (١)**
**ڕەگەزی بەرتوێژان**

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٧٦ | ٥٣،٥٪ |
| مێ | ٦٦ | ٤٦،٥٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

٢/ تەمەنی بەرتوێژان: لە خشتەی ژمارە دووەوە کە تایبەتە بە دیاریکردنی تەمەنی بەرتوێژانی نێو ڕاپێوی توێژینەوەکە دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان بریتییە لە ٥٣،٥٢٪ کە تەمەنیان لە نێوان (٢٢-٢٥)ساڵیدایە و کەمترین ڕێژەی بەرتوێژانیش تەمەنیان لە نێوان (٣٤-٣٧) ساڵیدایە کە ٢،١١٪ی بەرتوێژان پێکدێنن.

**خشتەی (٢) تەمەنی بەرتوێژان**

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢١-١٨ | ٤٧ | ٣٣،٠٩٪ |
| ٢٥-٢٢ | ٧٦ | ٥٣،٥٢٪ |
| ٢٩-٢٦ | ١٠ | ٧،٠٤٪ |
| ٣٣-٣٠ | ٦ | ٤،٢٢٪ |
| ٣٧-٣٤ | ٣ | ٢،١١٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

٣/ داهاتی مانگانەی بەرتوێژان: لە خشتەی ژمارە سێی تایبەت بە داهاتی مانگانەی خێزانی بەرتوێژان بەرزترین ڕێژەی داهات ٢٣،٩٤٪ە کە بریتییە لە (زیاتر لە ١٠٠٠٠٠٠) و نزمترین بڕی داهاتیش بەڕێژەی ١٣،٣٨٪ کەمترە لە ٢٥٠٠٠٠.

**خشتەی (٣)**
**داهاتی مانگانەی خێزان**

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٢٥٠٠٠٠ | ١٩ | ١٣،٣٨٪ |
| ٢٥٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠٠ | ٣٢ | ٢٢،٥٣٪ |
| ٥٠٠٠٠٠ تا ٧٥٠٠٠٠ | ٣٢ | ٢٢،٥٣٪ |
| ٧٥٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠٠ | ٢٥ | ١٧،٦٪ |
| زیاتر لە ١٠٠٠٠٠٠ | ٣٤ | ٢٣،٩٤٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

### تەوەری دووەم: ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات

١/ ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: لە خشتەی ژمارە چوارەوە دەردەکەوێت ٩٨،٤٪ی بەرتوێژان لە ڕەگەزی مێ لە کۆی ٦٦ خوێندکاری کچ و ٩٧،٣٪ی بەرتوێژان لە ڕەگەزی نێر لە کۆی ٧٦ بەشداربووی خوێندکاری کوڕ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، کە ئەوەش دەکاتە ٩٧،٨٪ی کۆی بەرتوێژان. تەنها

١,٥٪ی کچانی بەشداربوو و٢,٦٪ی کوڕانی بەشداربوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارناهێنن.

**خشتەی (٤)**
**ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

| ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت؟ | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٥ | ٩٨,٤٪ | ٧٤ | ٩٧,٣٪ |
| نەخێر | ١ | ١,٥٪ | ٢ | ٢,٦٪ |
| کۆ | ٦٦ | ١٠٠٪ | ٧٦ | ١٠٠٪ |

٢/ ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی سناپچات: لە خشتەی ژمارە پێنجەوە دەردەکەوێت کە ٦٢ مێ و ٦٦ نێر لە سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنەری سناپچاتن بۆیە لە خشتەکانی دواتر ئەنجامەکان لە کۆی ١٢٨ فۆڕم بەدەستهاتوون.

**خشتەی (٥)**
**ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی سناپچات**

| گۆڕاو | مێ / دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٢ | ٩٥,٣٪ | ٦٦ | ٨٩,١٪ |
| نەخێر | ٣ | ٤,٦٪ | ٨ | ١٠,٨٪ |
| کۆ | ٦٥ | ١٠٠٪ | ٧٤ | ١٠٠٪ |

٣/ مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی سناپچات: لە خشتەی ژمارە شەشدا کە بەرتوێژان توانای هەڵبژاردنی زیاتر کە بژاردەیەکیان هەبووە، دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی سناپچات لە لایەن خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیاوە کە سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن لای ڕەگەزی مێ بریتییە لە (٦٠,٢٪) کە بۆ مەبەستی هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ هاوڕێکانیاندا بەکاریان هێناوە و بۆ ڕەگەزی نێریش بریتییە لە (٤٣,٢٪) کە زیاتر بۆ مەبەستی کات بەسەربردن سناپچاتیان بەکارهێناوە و هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆ کە لای کچان پلەی یەکی وەرگرتووە لای کوڕان بە پلەی دوو دێت.

**خشتەی (٦)**
**مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی سناپچات**

| بڕگەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| کات بەسەربردن | ٢١ | ٣٠,٨٪ | ٣٥ | ٤٣,٢٪ |
| وەرگرتنی زانیاری | ٤ | ٥,٨٪ | ٥ | ٦,١٪ |
| شێرکردنی وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ هاوڕێیانم | ٤١ | ٦٠,٢٪ | ٣٤ | ٤١,٩٪ |
| ئاگاداربوون لە نوێترین وێنە و ڤیدیۆی ناوداران | ٢ | ٢,٩٪ | ٦ | ٧,٤٪ |
| تەماشاکردنی ئەو ریکلامانەی ناوداران بۆ کاڵاکانی دەکەن | ٠ | ٠٪ | ١ | ١,٢٪ |
| کۆی گشتی | ٦٨ | ١٠٠٪ | ٨١ | ١٠٠٪ |

٤/ هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی سناپچات: لە خشتەی ژمارە حەوتەوە دەردەکەوێت ئەو بەرتوێژانەی سناپچاتیان بەکارنەهێناوە ڕێژەیەکی زۆر کەمن و هۆکارەکەی تەنها نەبوونی حەز و ئارەزوو بووە بۆ بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمە بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)وە.

**خشتەی (٧)**
**هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی سناپچات**

| بڕگەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| کاتم نیە | - | - | - | - |
| ئارەزووی بەکارهێنانی ناکەم | ٣ | ٤,٣٪ | ٨ | ١١,٧٪ |
| شارەزاییم لە بەکارهێنانی نیە | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | ٣ | | ٨ | |

٥/ کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی سناپچات: بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە هەشت دەردەکەوێت ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٤٦,٧٪) سێ کاتژمێر یاخود زیاتریان بۆ بەکارهێنانی سناپچات تەرخان کردووە و ڕەگەزی نێریش کەمتر لە کاتژمێرێکیان بۆ بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمە تەرخان کردووە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٣٦,٣٪).

**خشتەی (٨)**
**کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی سناپچات**

| کاتی سەیرکردن | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە کاتژمێرێک | ١٨ | ٢٩,٠٣٪ | ٢٤ | ٣٦,٣٪ |
| ١-2 کاتژمێر | ١٥ | ٢٤,١٪ | ٢١ | ٣٠,٨٪ |
| ٣ کاتژمێر و زیاتر | ٢٩ | ٤٦,٧٪ | ٢١ | ٣٠,٨٪ |
| کۆ | ٦٢ | ١٠٠٪ | ٦٦ | ١٠٠٪ |

## تەوەری سێیەم: ڕیکلامی ئەلیکترۆنیی ناوداران لە سناپچات

١: ڕێژەی تەماشاکردنی ریکلامی ناوداران لە سناپچات: بە گەڕانەوە بۆ خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت کە لە کۆی ٦٦ بەرتوێژی نێری هەموویان لە کاتی بەکارهێنانی سناپچات تەماشای ڕیکلامی ناوداران دەکەن. لە کۆی ٦٢ بەرتوێژی مێ، (٩٥,١٪)یان لە کاتی بەکارهێنانی سناپچات تەماشای ئەو ڕیکلامانە دەکەن کە ناوداران لە سناپچاتەکانی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە و تەنها (٤,٨٪)یان تەماشای ڕیکلامی ناوداران ناکەن. بۆیە ژمارەی بەرتوێژانی مێ بۆ پرسیارەکان و بڕگەکانی دواتر لە (٦٢)وە دەبێتە (٥٩) و ژمارەی بەرتوێژانی نێر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**خشتەی (٩)**
**ڕێژەی تەماشاکردنی ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات**

| گۆڕاوەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٩ | ٩٥,١٪ | ٦٦ | ١٠٠٪ |
| نەخێر | ٣ | ٤,٨٪ | ٠ | ٠٪ |
| کۆ | ٦٢ | ١٠٠٪ | ٦٦ | ١٠٠٪ |

٢/ ڕێژەی دوبارەبوونەوەی تەماشاکردنی ریکلامەکانی ناوداران لە لایەن بەرتوێژانەوە: بە رامان لە خشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەیەکی کەم تەماشای ریکلامی ناوداران دەکەن، بە شێوەیەک کە دەکاتە (٥٢،٥)ی ڕەگەزی مێ و (٦٣،٦)ی ڕەگەزی نێر.

**خشتەی (١٠)**

**ڕێژەی دوبارەبوونەوەی تەماشاکردنی ریکلامەکانی ناوداران**

| بڕگەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | ١ | ٪١،٦ | ٣ | ٪٤،٥ |
| تارادەیەك | ٢٧ | ٪٤٥،٧ | ٢١ | ٪٣١،٨ |
| کەم | ٣١ | ٪٥٢،٥ | ٤٢ | ٪٦٣،٦ |
| کۆ | ٥٩ | ٪١٠٠ | ٦٦ | ٪١٠٠ |

٣/ هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامی کەسانی ناودار لە سناپچات: بە گەڕانەوە بۆ خشتەی ژمارە (١١) و لێوردوونەوەی دەردەکەوێت کە هۆکاری تەماشاکردنی ریکلامی ناوداران لە سناپچات لە لایەن ڕەگەزی مێوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی بەردەستبوونی ئەکاونتی کەسانی ناودار و بینینی چالاکییەکانیان بە سانایی ئەویش ڕێژەکەی دەگاتە (٪٣١،٩)ی بەرتوێژانی مێ، لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر دەیگەڕیننەوە بۆ ئاسانی بەردەستبوونی ریکلام لە ئەکاونتی کەسانی ناودار و ڕێژەکەیان دەگاتە (٪٢٧،٩).

**خشتەی (١١)**

**هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامی کەسانی ناودار لە سناپچات (دەتوانیت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت)**

| بڕگەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ئاسانی بەردەست بوونی ئەکاونتی کەسانی ناودار | ٢٣ | ٪٣١،٩ | ٢٢ | ٪٢٥،٥ |
| خۆشەویستیم بۆ هەندێک لە کەسانی ناودار هەیە | ١٣ | ٪١٨،٠٥ | ١٤ | ٪١٦،٢ |
| متمانەم بە کەسانی ناودار هەیە | ٠ | ٪٠ | ٥ | ٪٥،٨ |
| ئاسانی بەردەست بوونی ریکلام لە ئەکاونتی کەسانی ناودار | ١٤ | ٪١٩،٤ | ٢٤ | ٪٢٧،٩ |
| ریکلامەکانیان لەگەڵ بایەخپێدانەکانم تەریبن | ٥ | ٪٦،٩ | ٥ | ٪٥،٨ |
| زانیاری وردم پێدەبەخشن لەسەر ئەو کاڵایانەی ریکلامی بۆ دەکەن | ٣ | ٪٤،١ | ١ | ٪١،١ |
| دەتوانم بەشێوەی ئۆنلاین کرداری کڕین ئەنجام بدەم | ١٤ | ١٩،٤ | ١٥ | ٪١٧،٤ |
| کۆی گشتی | ٧٢ | ٪١٠٠ | ٨٦ | ٪١٠٠ |

٤/ دیارترین هۆکار بۆ کڕینی کاڵاکان پاش بینینی ریکلامی ئەو کاڵایە لەلایەن ناودارانەوە: بەرتوێژان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دیارترین هۆکار کە وایان لێبکات کاڵایەک یاخود شمەکێک بکڕن، دوای ئەوەی ریکلامی کاڵاکان لەلایەن ناودارانەوە دەبینن، دەگەڕیننەوە بۆ نرخ و جۆری براندەکە لەلایەن هەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە، بە شێوەیەک (٪٧٢،٨)ی ڕەگەزی مێ و (٪٦٠,٦)ی ڕەگەزی نێر لەخۆدەگرێت. لە کاتێکدا پشتیوانیکردنی کەسانی ناودار بۆ کاڵاکان کۆتا هۆکار دەبێت بۆ کڕینی کاڵایەک لە لایەن بەرتوێژانەوە.

**خشتەی (١٢)**

**دیارترین هۆکار بۆ کڕینی کاڵاکان پاش بینینی ریکلامی ئەو کاڵایە لەلایەن ناودارانەوە**

| بڕگەکان | مێ/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | نێر/ دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| نرخ و جۆری براندەکە | ٤٣ | ٪٧٢،٨ | ٤٠ | ٪٦٠،٦ |
| پشتیوانیکردنی کەسانی ناودار | ٣ | ٪٥،٠٨ | ٧ | ٪١٠،٦ |
| هۆکاریتر | ١٣ | ٪٢٢،٠٣ | ١٩ | ٪٢٨،٧ |
| کۆ | ٥٩ | ٪١٠٠ | ٦٦ | ٪١٠٠ |

٥/ ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات و ڕەفتاری کڕین: لە خشتەی ژمارە ١٣ کە تایبەتە بە وەڵامەکانی ڕەگەزی نێر بۆ ئەم بڕگەیەی راپیوییەکە دەردەکەوێت کە لە کۆی (١٣) بڕگە بەرتوێژانی نێر بەرزترین ئاستی لایەنداری و هاوڕاییان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (کەسانی ناودار زانیاریی تەواو و کارامەیی پێویستیان نییە لەسەر ئەو بەرهەمەی کە ریکلامی بۆ دەکەن) کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٪١١،٩) و بەرزترین ئاستی بێلایەنیان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (کەسایەتیی کەسە ناودارەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ریکلامەکاندا ناگونجێت) و بەڕێژەی (٪١٠،٢)، هەروەها بەرزترین ئاستی بێ متمانەیان یاخود هاوڕانەبوونیان لەگەڵ بڕگەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (بەردەوام لەڕێگەی سناپچاتەوە پێداویستییەکانم دیاری دەکەم) کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪١٣،٩).

**خشتەی (١٣)**

**ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات و ڕەفتاری کڕین بەپێی وەڵامدانەوەی ڕەگەزی نێر**

| بڕگەکان | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ریکلامی ناوداران ئارەزووم بۆ کاڵای ڕیکلام بۆکراو زیاد دەکات | ١٧ | ٦،٥ | ٢٠ | ٨،٨ | ٢٩ | ٩،٤ |
| بەشدارە لە باوەڕپێهێنانم بە گرنگی و پێویستی ئەو کاڵایانەی ڕیکلامیان بۆ دەکرێت | ١٧ | ٦،٥ | ٢٠ | ٨،٨ | ٢٩ | ٩،٤ |
| هەستدەکەم پردێکی بۆ درووستکردووم، تاوەکوو ئاگاداری بەرهەمە نوێیەکانی ئەم سەردەمەبم | ٢٧ | ١٠، | ١١ | ٤،٨ | ٢٨ | ٩،٠ |
| وەهای کردووە بتوانم براندە جیاجیاکان بناسمەوە و لەیەکیان جیابکەمەوە | ٢٦ | ١٠، | ١٤ | ٦،٢ | ٢٦ | ٨،٤ |
| کەسایەتییە ناودارەکان زۆرترین متمانە و کاریگەرییان هەیە | ١٤ | ٥، | ١٦ | ٧، | ٣٦ | ١١ |
| بەردەوام لەڕێگەی سناپچاتەوە پێداویستییەکانم دیاری دەکەم | ٥ | ١، | ١٨ | ٪٧ | ٤٣ | ١٣ |
| کەسانی ناودار زانیاریی تەواو و کارامەیی پێویستیان نییە لەسەر ئەو بەرهەمەی کە ریکلامی بۆ دەکەن | ٣١ | ٪١١،٩ | ١٨ | ٪٧ | ١٧ | ٪٥،٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوداران بەکارهێنەری ئەو کاڵایە نین کە ریکلامی بۆ دەکەن | ٢٨ | ١٠ | ٢٤ | ١٠ | ١٥ | ٤٠ |
| لە ریکلامەکاندا ئەو کەسانە سەرنجڕاکێشترن کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ناودار و ناسراون. | ٢٩ | ٪١١،١ | ٢١ | ٪٩،٣ | ١٦ | ٪١٠،٥ |
| کەسایەتیی کەسە ناودارەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ریکلامەکاندا ناگونجێت | ٢٤ | ٪٩،٣ | ٢٤ | ٪١٠،٢ | ١٩ | ٪١٠،٦ |
| ریکلامەکانی سناپچات بۆتە هۆی زیادکردنی خەرجییەکانم | ١٣ | ٥،٠ | ٢٠ | ٨،٦ | ٣٤ | ١٠ |
| ئەو ریکلامانەی لە سناپچاتدا بڵاو دەکرێنەوە کەمتر جێگەی بڕواو متمانەن | ٢٨ | ٪١٠،٨ | ٢١ | ٪٩،٣ | ١٧ | ٪٥،٥ |
| کۆی گشتی | ٢٥٩ | ٪١٠٠ | ٢٢٥ | ٪١٠٠ | ٣٠٨ | ٪١٠٠ |

٦/ ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات و ڕەفتاری کڕین: لە خشتەی ژمارە (١٤) کە تایبەتە بە وەڵامەکانی ڕەگەزی مێ بۆ ئەم بڕگەیەی ڕاپیوییەکە دەردەکەوێت کە لە کۆی (١٣) بڕگە بەرتوێژانی مێ بەرزترین ئاستی لایەنداری و هاوڕاییان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (لە ریکلامەکاندا ئەو کەسانە سەرنجڕاکێشترن کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ناودار و ناسراون) بەڕێژەی (١٤،٥٪) و بەرزترین ئاستی بێلایەنیان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (کەسایەتیی کەسە ناودارەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ریکلامەکاندا ناگونجێت)کە ڕێژەکەی دەکاتە (١١،٣٪)، هەروەها بەرزترین ئاستی بێ متمانەیان یاخود هاوڕانەبوونیان لەگەڵ بڕگەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی (بەردەوام لەڕێگەی سناپچاتەوە پێداویستییەکانم دیاری دەکەم) ئەویش بەڕێژەی (١٤،٦٪).

**خشتەی (١٤)**

**ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات و ڕەفتاری کڕین بەپێی وەڵامدانەوەی ڕەگەزی مێ**

| ڕیکلامی ناوداران لە سناپچات و ڕەفتاری کڕین | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ریکلامی ناوداران ئارەزووم بۆ کاڵای ڕیکلام بۆکراو زیاد دەکات | ١٧ | ٧،٠٥ | ١٧ | ٪٧،٦ | ٢٦ | ٪١٠ |
| بەشدارە لە باوەڕپێهێنانم بە گرنگی و پێویستی ئەو کاڵایانەی ڕیکلامیان بۆ دەکرێت | ١٥ | ٪٦،٢ | ٢٢ | ٪٩،٩ | ٢٣ | ٪٧،٨ |
| هەستدەکەم پردێکی بۆ درووستکردووم، تاوەکوو ئاگاداری بەرهەمە نوێیەکانی ئەم سەردەمەبم | ٣٣ | ٪١٣،٦ | ١٣ | ٪٥،٨ | ١٤ | ٪٥،٣ |
| وەهای کردووە بتوانم براندە جیاجیاکان بناسمەوە و لەیەکیان جیابکەمەوە | ٢٢ | ٪٩،١ | ١٠ | ٪٤،٥ | ٢٨ | ١٠،٧ |
| کەسایەتییە ناودارەکان زۆرترین متمانە و کاریگەرییان هەیە | ١١ | ٪٤،٥ | ١٨ | ٪٨،١ | ٣١ | ١١،٩ |
| بەردەوام لەڕێگەی سناپچاتەوە پێداویستییەکانم دیاری دەکەم | ٥ | ٢،٠٧ | ١٩ | ٪٨،٥ | ٣٨ | ١٤،٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەسانی ناودار زانیاریی تەواو و کارامەیی پێویستیان نییە لەسەر ئەو بەرهەمەی کە ریکلامی بۆ دەکەن | ٢٤ | ٪٩،٩ | ٢٢ | ٪٩،٩ | ١٤ | ٪٥،٣ |
| ناوداران بەکارهێنەری ئەو کاڵایە نین کە ریکلامی بۆ دەکەن | ٢٥ | ٪١٠،٣ | ٢٤ | ٪١٠،٤ | ١٢ | ٪٤،٦ |
| لە ریکلامەکاندا ئەو کەسانە سەرنجڕاکێشترن کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ناودار و ناسراون. | ٣٥ | ٪١٤،٥ | ١٢ | ٪٥،٤ | ١٣ | ٪٥ |
| کەسایەتیی کەسە ناودارەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ریکلامەکاندا ناگونجێت | ٢٠ | ٪٨،٣ | ٢٥ | ٪١١،٣ | ١٥ | ٪٥،٨ |
| ریکلامەکانی سناپچات بۆتە هۆی زیادکردنی خەرجییەکانم | ١٢ | ٪٤،٩ | ١٩ | ٪٨،٥ | ٢٩ | ٪١١،١ |
| ئەو ریکلامانەی لە سناپچاتدا بڵاو دەکرێنەوە کەمتر جێگەی بڕواو متمانەن | ٢٢ | ٪٩،١ | ٢١ | ٪٩،٥ | ١٧ | ٪٥،٦ |
| کۆی گشتی | ٢٤١ | ٪١٠٠ | ٢٢١ | ٪١٠٠ | ٢٦٠ | ٪١٠٠ |

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، ئەنجامی بەشی پراکتیکی دەخرێتەڕوو بەمشێوەیە:

- بەشداربوانی ڕاپێوی لەم توێژینەوەیەدا پێکهاتوون لە (١٤٣) خوێندکاری بەشی تەکنیکی میدیا کە (٧٦)یان لە ڕەگەزی نێر و (٦٦)یان لە ڕەگەزی مێن. ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەردوو ڕەگەز لە ئاستێکی بەرزدایە و تەنها یەک بەرتوێژ لە ڕەگەزی مێ و دوو بەرتوێژ لە ڕەگەزی نێر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نین. لە بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش تەنها سێ بەرتوێژ لە ڕەگەزی مێ و هەشت بەرتوێژ لە ڕەگەزی نێر پلاتفۆرمی سناپچات بەکار ناهێنن و هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆئەوە کە ئارەزووی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە ناکەن. ئەوانەشی کە بەکاریدەهێنن کە زۆرینەی بەرتوێژان، هەرچی ڕەگەزی مێیە هۆ کاری بەکارهێنانی دەگەڕێننەوە بۆ هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان و بەرتوێژانیش لە ڕەگەزی نێر بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بەکاری دەهێنن. پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە (١٠٠٪)ی بەرتوێژانی نێر کە زۆرینەیان کەمتر لە کاتژمێرێک و (٩٥،١٪)ی بەرتوێژانی مێ کە زۆرینەیان زیاتر لە سێ کاتژمێر تەماشای ریکلامی ناوداران دەکەن، لەو ماوەیەشی لە پلاتفۆرمی سناپچاتدا دەمێننەوە کاتێکی کەم بۆ تەماشاکردنی ریکلامی ناوداران تەرخان دەکەن.
- هەر بەپێی ڕاپێویی بەرتوێژان، زۆرینەی بەرتوێژانی مێ هۆکاری تەماشاکردنەکە دەگەڕێننەوە بۆ ئاسانی بەردەست بوونی ئەکاونتی کەسانی ناودار لە سناپچات و زۆرینەی بەرتوێژانی نێریش ئەیگەڕێننەوە بۆ ئاسانی بەردەستبوونی ریکلام لە ئەکاونتی کەسانی ناودار کە ئەوەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ بەگشتیی بوونی ئەکاونتی کەسانی ناودار و ئاسانی دەستپێڕاگەیشتن بە بڵاوکراوەکانیان.
- لە لای هەردوو ڕەگەز دیارترین هۆکار بۆ کڕینی کاڵایەک بە پلەی یەک دەگەڕێتەوە بۆ نرخ و جۆری براندەکە، ئەوەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی

داهاتی زۆرینەی بەرتوێژان کەمترە لە یەک ملیۆن دینار و تەنها چواریەکی بەرتوێژان داهاتی مانگانەیان زیاترە لە یەک ملیۆن دینار.

- زۆرینەی بەرتوێژانی نێر پێیان وایە کەسانی ناودار زانیاریی تەواو و کارامەییان نیە لەسەر ئەو کاڵایەی ریکلامی بۆ دەکەن، بەرتوێژانی مێش پێیان وایە لەبەر سەرنجراکێشی کەسانی ناودار تەماشای ریکلامەکانیان دەکەن و هەردوو رەگەز رایان وایە ریکلامی ناوداران کاریان نەکردۆتە سەر بازاڕیکردنیان و ئاڕاستەکردنیان بۆ کڕینی کاڵاکان.

## دەرئەنجام

1 مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، کە لەلای هەردوو ڕەگەز ڕێژەکە وەکو یەک نیە بەڵکو جیاوازی لە نێوان وەڵامەکاندا بەدی دەکرێت ، ئەمەش بۆمان روندەکاتەوە مەبەست و حەزو خولیا لەلای هەردوو ڕەگەز جیاوازە لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات. هەرچی رەگەزی مێیە هۆ کاری بەکارهێنانی دەگەڕێننەوە بۆ هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان و بەرتوێژانیش لە رەگەزی نێر بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بەکاری دەهێنن.

2 لە دەرئەنجامدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە هۆکارو پاڵنەرەکان جیاوازن کە وا لە بەشداربوانی توێژینەوەکە دەکەن سەیری ریکلامی ناوداران لە سناپچات بکەن، سەرەڕای ئەوەش هەردوو ڕەگەز لە هەندێک هۆکارو پاڵنەردا وەڵامەکانیان تاڕادەیەک هاوتەریبە و لە دیارترین پاڵنەریش ئاماژە بۆ ئاسانی بەردەست بوونی ئەکاونتی کەسانی ناودار لە سناپچات کراوە.

3 خوێندکارانی بەشی تەکنیکی میدیا لە هەردوو رەگەز کە سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، وەک لە ئەنجامی خشتەکاندا دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچاتن بەڵام لە وەڵامەکانیاندا ئەوەیان خستۆتەڕوو کە تەنها (١٥٪)یان بەو پەیام و ریکلامانەی لەلایەن ناودارانەوە بڵاودەکرێنەوە کاریگەر دەبن کە ئەوەش ڕێژەیەکی کەمە، بەڵکوو زیاتر لە ($\frac{٣}{٤}$)یان گرنگی بە نرخ و جۆری ئەو براندە دەدەن کە ئارەزووی کڕینی دەکەن، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی سامپڵی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە کە خوێندکاری زانکۆ و بە تایبەتیش خوێندکاری بەشی میدیان کە ئاشنان بە ریکلام و لە رووی تەمەن و مامەڵەکردن و تێگەیشتن لە پەیامە ریکلامیەکانیش تاڕادەیەک نزیکن لە یەکەوە، هەربۆیە ناوداران نەیانتوانیوە لەرێگەی پەیامە ریکلامیەکانیان لە سناپچاتەوە رۆڵی کارایان هەبێت لە هەڵبژاردنی کاڵا و براندە جیاوازەکانەوە لە لایەن بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە.

## سەرچاوەکان

### کتێب به زمانی کوردی


ڕێشاوی، یەحیا عومەر ، تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران. (٢٠٢٣). نووسینی توێژینەوەی میدیایی، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.


### کتێب به زمانی عەرەبی


المقدادي، خالد غسان يوسف. (٢٠٢٢). ثورة الشبكات الاجتماعية، دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن– عمان.

المشهداني، سعد سلمان. (٢٠١٧).منهجية البحث الإعلامي، دار الكتاب الجامعي: دولة الإمارات العربية المتحدة- الجمهوريةاللبنانية.

القماري، فهمية أحمد على. (٢٠١٩).أساسيات البحث العلمي، دار الكتب والدراسات العربية: الإسكندرية.

غيث، خلود بدر. (٢٠١١). الإعلان بين النظريه والتطبيق، دار الاعصار العلمى للنشر والتوزيع،الأردن.

عصام، مروى . (٢٠١٥). الإعلام الإلكتروني آلآساس والأفاق، دار الاعصار للنشر والتوزيع: ،عمان.

عابد ، زهير عبداللطيف. (٢٠١٦). مبادىء الاعلان، دار اليازورى العلميه للنشر والتوزيع: عمان.

طه، طارق. (٢٠٠٧). التسويق بالانترنت والتجارة الالكترونية، دار الجامعة: الإسكندرية.

الشعراوي،عايد فضل. (٢٠٠٦). الإعلان و العلاقات العامة، الدار الجامعية، الأسكندرية: الإسكندرية.

حلاق ، بطرس. (٢٠٢٢). مبادىء التسويق ، جامعه الافتراضيه السوريه،سوريا.

الحديدي، منى سعيد، علي، سلوى إمام. (٢٠٠٥). الإعلان أسسه، و سائله، فنونه، الدار المصرية اللبنانية: القاهرة:

جرار ,ليلى احمد.(٢٠١٢). الفيسبوك والشباب العربي. مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع: مصر.


### کتێب به زمانی ئینگلیزی


*prell,Christina. (2012) .Social Network Analysis: History Theory and Methodology, London, sage.*


### توێژینەوە به زمانی کوردی


محمد ,د.مراد حكيم. (٢٠٢٢). سناپچات و تایبەتمەندیە سەرنجراکێشەکانی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان. سۆشیال میدیا و کلتووری بەکارهێنان (لاپەڕەکان ١-٢٣)، توێژینەوەی بڵاونەکراوە، هەڵەبجە.


### توێژینەوەی بڵاوکراوه به زمانی عەرەبی


الراوي،. بشرى جميل .(٢٠١٢). دور مواقع التواصل الاجتماعى فى التغير/مدخل نظرى، بغداد: جامعة بغداد-كلية الاعلام، مجلة الباحث الإعلامي، العدد ١٨.

عبدالحميد ،. رباب السيد.(٢٠٢١). دور الاسرة لتحقيق الاستخدام الامن لوسائل التواصل الاجتماعي للمراهقين و علاقته بتعزيز الأمن الفكري و الأخلاقي و استراتيجيات مواجهة التنمر الإلكتروني، مصر: جامعة المنيا، مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية، المجلد السابع، العدد٣٤.


### توێژینەوەی بڵاوکراوە به زمانی ئینگلیزی


*Aamir Abbas & others. (2018). The effect of Celebrity Endorsement on Customer Purchase Intention. Current Economic and Management Research, 4(1), 1-10*

*Hussain, M. A. (2017). Impact of Celebrity Emdorsement on consumers buying behavior. British Journal of marketing studies, 5(3), 79-121.*

*K.Mberia, M. M. (2014, september). The Effects Of Celebrity Endorsement in Advertising. International Journal of Academic Research in Economics and Management Sciences, 3(5), 178*

*Lu, P.-S. W.-P. (2013). An examination of the celebrity endorsements and online customer reviews influence female consumers' shopping behavior. Computer in human behavior, 193-201.*

*Mayank Jha & others, . (2020). A Study in Role of Celebrity Endorsements on Consumer Buying Behaviour. Asia-Pacific Journal of Managment and technology, 1(2), 13-19.*

*Thakur, J. (june 2020). Role of Celebrity Endorsement in Advertising for Promotion and Awareness. International Journal of application or innovation in Engineering & management(IJAIEM), 100-111*

*Yasmeen, R. K. (2019). Celebrity Physical Attractiveness Effect on Consumer Buying Behavior. JEMA: Jurnal Ilamiah Bidang Akuntansi dan Manajemen, 16(2), 173-180.*

## ماستەرنامە

*Cai, Y. L. (2019). How Chinese Internet Celebrity influences consumer attitude to purchase on E-commerce. How Chinese Internet Celebrity influences consumer attitude to purchase on E-commerce. Uppsala University.*

## سەرچاوەی ئینتەرنێت

› https://itig-iraq.iqالرقمنة-العراقي... الرقمنة العراقية ٢٠٢٠.

*Hassan*،أنواع الإعلانات الإلكترونية؟ماهي؟ ومامزاياها؟ وأشكالها المختلفة https://innoshop.co/blog/أنواع-الإعلانات-الالكترونية، كاتی سەردانیکردن (٢٠٢٣/٥/٤).

*10 Facebook Statistics You Need to Know in 2022. (2022, 6 15). Retrieved 8 11, 2022, from oberlo: https://www.oberlo.com/blog/facebook-statistics*

*Auther, N. (2022, November 24). Hootsuite* وەرگیراو *.March* لە، 2022 ,31 *https://blog.hootsuite.com/snapchat-for-business-guide/*

*Benitez, C. (2023, 1 2). startupbonsai* لە، 2023 ,9 1 وەرگیراو . *https://startupbonsai.com/snapchat-statistics/*

*Iqbal, M. (2023, 1 9). Business of Apps* لە، 2023 ,9 1 وەرگیراو . *https://www.businessofapps.com/data/snapchat-statistics/*

*KEPIOS. (2022, 4 -). statista* لە، 2023 ,9 1 وەرگیراو . *https://www.statista.com/statistics/315405/snapchat-user-region-distribution/*

*MCDERMOTT, C. (2016, MAY 23). CONTENT MARKETING INSTITUTE* لە، 2023 ,9 1 وەرگیراو . *https://contentmarketinginstitute.com/articles/brands-benefit-snapchat/*

*Storrs, M. (٢٠٢٢). Looking Back at the History of LinkedIn* ٩ وەرگیراو . *PENNINGTON CREATTIVE:* ٩, ٢٠٢٢، لە *https://penningtoncreative.com/history-of-linkedin/*